# کەمپینی دیفاع لە مافی پەناهەندەیی سالی 2005

ریکخراوی ئەمنستی ئەنتەرناسیونال لە م سالدا کەمپینیکی سەراسەری بەریخستوە بۆ دیفعا لەمافی پەنابەری بەشیوەیەکی گشتی وە وەستانەوە بەرووی سیاسەتی دەولەتانی ئەوروپا کە باروودۆخیکی ناهەمواری بۆ پەنابەران پیك هیناوە .

پەنابەرانیك کە لە ژیر باری دەسەلاتە دیکتاتۆرە جۆراووجۆرەکان وە شەروو نائارامی و لەسیدارەدان رایانکردوە، پەنابەرانیك کە لە دەستی رژیمە دژی مرۆڤایەتیەکان و دژی منال و ژن رایانکردوە، پەنابەرانیك کە لەدژی بۆمباباران تەقینەوە وە تیرۆری رۆژانە رایانکردوە، وە لیرەش رووبەرووی سیاسەتیك بونەتەوە کە زۆریان لە 1 تا 7 سال چاوەروانیدا ماونەتەوە، مندالانیان بەهۆی مەخفی ژیانکردن وە دابرانیان لە ژیانی نۆرمال وە تیکەلاونەبوون لە کۆمەلگادا لەباریکی دەروونی خراپدان. سەختی کاری رەش بە کرییەکی بی ئەندازە کەمەوە رووبەروویان بوەتەوە کە توشی جۆرەها نەخۆشی فیزیکی وە دەروونی کردوون.

بۆ دیفاع لە ئاییندەو ژیانی ئەم خەلکانە لەم کەمپینەدا کۆمیتەیەکی کارگیر درووستکراوە کە پیکهاتوە لە ( ئەمنستی ئەنتەرناسیونال، حیزبی چەپی سوید، حیزبی سەوزی سوید، فدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی، کۆمیتەی دیفاع لە ژنانی عیراق، ریکخراوی پەنابەری سوید، حیزبی عەدالەتی سوید، ریکخراوی هیچ کەس نایاسای نیە، ریکخراوی پزیشکانی بیسنور، ریکخراوی لاوانی چەپی سوید، فدراسیۆنی پەنابەرانی ئیرانی، ریکخراوی لاوانی مۆدیرات، کەمپینی قوتابیانی سوید، ریکخراوی پاریزگاران، .....) وە چەندەها ریکخراوی تر.

ئەم کۆمیتەیە لە 7-5-2005 خۆپیشاندانیکی سەراسەری لە چەند شاری سوید راگەیان (ستوکهولم، مالمۆ، یوتوبوری، سودسڤال، ڤیستروس....)، خوپیشاندانەکان لە ناوەندی شارەکانەوە دەستی پیکرد تا بەردەمی لە ستوکهولم پەرلەمان وە لە شارەکانی تر دامز دەزگاکانی پەناهەندەی. شایانی باسە کە هەزارەها کەس لەم خۆپیشاندانانەدا بەشداری کرد وە شعاری (مافی پەناهەندەیی بۆ هەموان، وەلامی دەسبەجی بۆ پەناهەندە، وەلانانی سیاسەتی دژی پەناهەندە......) ببوە سعاری سەرەکی خوپیشاندانەکان. بەدوای ئەمەدا لەرۆژی 9 ی مانگ بەناوی کۆمیتەکەوە نامەیەك دەگەیەنری بە پەرلەمان بۆ وەلامدانەوەیان بە کەمپینەکە.

ئەم کەمپینە هەر بەردەوام دەبیت بە خۆپیشاندان و نارەزایەتی تا وەلامیکی جدی لە دەولەتەوە وەرنەگیریت، وە لە رۆژی 17-5-2005 کۆبونەوەیەکی گەورە دەبەستیت لەسەر زیاتر روونکردنەوەی پلانەکانی کۆمیتەکە.


فدراسیۆنی پەنابەرانی عیراق – سوید- ئاسۆ گۆران 0739624334، بابان عوسمان 0739901721

کۆمیتەی دیفاع لە مافەکانی ژنانی عیراقی- سوید- هلالە رافع 0739084190